بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر)،والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله و صحبه، السلام عليكم و رحمة الله و بركاته.

دیاره باری تەعالا ئیذنی فەرموو بوو ئەو حەفتەیەش لە خزمەت ئەو مەجموعە نازدارە موبارەکە دابین دیسان پێکەوە سەفەرەکی روحی بچینە خزمەت خۆشەویستمان عەزیزمان محمد صلی الله علیه وسلم، کە باری تەعالا کردیتیە سەبەبی بەرەکەت و ڕەحمەت لەبۆ مەو لەبۆ هەموو بەشەر، لەبۆ هەموو کەون.

لە حەفتەی سابیق لەوەی لە خزمەتی گەراینەوە باسی عیلاقەمان کرد بەینی باری تەعالا و بەینی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، کە ئەو خوایە عەظیمە چ نەوعە مواصەفاتەك و چ نەوعە خوو ڕەوشتەکی پێشکەش بەو پێغەمبەرە کردبوو صلی الله علیه وسلم، لە قەناعەتماندا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیرادەی رەببانی تەمثیل دەکا لەسەر وجود، ویستی خوا تەمثیل دەکا لە سەر کەون، هەر تەنها ئەگەر نەقص بووبی، یان عەیبی تێدا بووبی ئەوەندە بووە کە مەلائیکەت نەبووە، هەرچەندە قەدر و قیمەتی لە مەلائیکەتیش بەرزترە لەلایەن باری تەعالا، ئەمما خولوق و خیلقەتی لە مەلائیکەت بەرزتربوو، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم باری تەعالا بەمیزان و بە معیار بەخشی لەبۆ بەشەریەت.

ئینس و جن ڕۆژی قیامەت بە ماددەی ئەو پێغەمبەرە ئیمتیحان و ئیبتیلاء دەکرێن، وە وفقی دراوی ئەو پێغەمبەرە چی پێدرابی لە مەنهەج لە کیتاب لە سوننە، وفقی وەی بەشەریەت وە جان بە موئمین و بە کافیر حیساب و کیتابی لەگەر دەکرێ، ئیدی دیاربوو باسمان کرد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چ نەوعە مواصەفاتی هەبووە باسی مواصەفاتی خیلقیمان کرد، کە خودا کو دروستی کردیە بە ڕیعایەت و بەئەڵطافی خۆی لە ئادەمەوە بە تەسەلسول هەتا تەسلیمی (عبدالله)ی بابی کرد، (عبدالله)ش بە هەدیە دایە دایکی و لەبۆ ئەو وجودەی دەرچوو.

باری تەعالا لە زگی داکی بە ذەرە ذەرە ڕەقابە و ئەڵطافی لەگەر کردبوو، پاشی هاتنە وجودیش پێشی ڕیسالە عولەماء ئیتیفاق و ئیجماعیان لەسەر ئەوەی هەیە پێشی بوونی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە پێغەمبەر، پێشی درانی ڕیسالەت بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەجموعە مواصەفاتی موتەمەیزیی بووە جیا بووە لە بەشەر لە خولوق، ئیجماعی لە سەر هەیە لەشەش ساڵی یا زیاتر عەمەلیەتەکی جیراحی لەبۆ دەکرێ، ئەوەی کە موطەڵیع بووبی لە سەر سیرە بە کەم یان زۆر

ئاگاداری ئەوەیە، لە صیحاح بەحسی ئەوە دەکرێ کە باری تەعالا عەمەلییەکی جیراحی بەواسطەی مەلائیکەت پێی دەکا، لۆ تەمهید و ئیستیقبال لەبۆ ئائەو حالەتە پێویستیە ضروریانەی کە بەسەری دادێ لە موستەقبەل، لەبۆ ئیستیلام و تەسەلومی ئەمری ریسالەت، دروستکردنی ئەو پێغەمبەرە صناعەتی ئەو پێغەمبەرە لەحەفتەی پێشی دیسان بەحسمان کرد، ئیصطفائی ئەو پێغەمبەرە جودا بوو لە گەر حەزرەتی موسی کە باری تەعالا بە حەزرەتی موسی دەفەرمی: (واصطنعتك لنفسي) (طه٤١).

ئەمما ئی پێغەمبەری مە دەفەرمی: (فإنك بأعيننا) (الطور٤٨) باسی ئەوەمان کرد کە فەرقی ئەو دوو موصطەڵەحە چییە، پاشی ئەوەی کە دەبتە مومەثیل مومەثیلی ئاسمان، مومەثیلی ئیرادەی رەببانی، مومەثیلی باری تەعالا بە هەموو صیفاتی، بە هەموو ئەسمائی، لە سەر ئەو وجودە، لەسەر کورەی ئەرز حەتمەن دەبی مەجموعە مواصەفاتەکی هەبی فەرقی هەبی لەگەر ئینسانی دی.

مەثەلەن تەحەمولی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، تەحەمولی بەدەنی وە تەحەمولی نەفسی، یەعنی ماددیی وە مەعنەویی موختەلیف بووە لەگەر ئینسانی عادی هەر کێ لەو ئینسانانە، لە چ عەباقیرەك فەیلەسوفەك، عولەماء دیراسەی شەخصیەتی پێغەمبەر بکا صلی الله علیه وسلم، ئیمتیاز و دەرجەی ئەووەلی ئائەو شەخصیەتەی تێدا کەشف دەکا و دەبینی.

یەك لەو صیفەتانە کە ئەورۆ ان شاءالله لە خزمەتتان بەحسی دەکەین: ئەویش نەوعە تەناغومەك هەبووە، نەوعە لوغەك هەبووە، نەوعە تەفاهومەك هەبووە، درایتە ئەو پێغەمبەرەی صلی الله علیه وسلم بەینی خۆی و بەینی کەون، بەینی خۆی و بەینی حەیوان، بەینی خۆی و بەینی نەبات، بەینی خۆی و بەینی ئینسان، ئەمە ئەمەی موئمین موسڵمان قەناعەتمان بەوەیدا هەیە کەون هەمووی موسڵمانە کەون، کەون هەمووی هەر یەکە لە حالەتی خاصی خۆی لە طاعەت دایە، لە عیبادەت دایە، لە تەسبیحات دایە، ئەو ذەررەیە ئێستا لە عیبادەتدایە ماعەدای ئینسان، ئەمە ئێستا دانیشتینە لە عیبادەتداین، ئەمما صیغەی تەقدیمی ئەو عیبادەتە بە نسبەت مەخلوقەك دەگۆرێ لەگە مەخلوقەکی دی.

باری تەعالا ئەها لە قورئان دەفەرمی: هەموو بەشەریەت وە هەموو وجود لە نەبات لە شەجەر لە نەجم هەمووی لە سەجدە دایە لەبۆ باری تەعالا، لۆیێ زۆر طەبیعیە ئەگەر بیننە پێش چاوی خۆتان مانگ کە دەسورێ لەدەوری ڕۆژ لە چەپەوە لەبۆ ڕاست دەسورێ، نەفسی ئیتیجاهی ڕۆژە بە دەوری فەلەك، نەفسی ئیتیجاهی سوڕانی حاجیە کە دەچتە حەج لەدەوری بەیت لە چەپ لەبۆ ڕاست، لە یەسار لەبۆ یەمین وەحدەی تەناغومی دروست دەکا، ئەو کابرا ئەو حاجیە کە دەسورێ لە دەوروبەری ئەو بەیتەی نازانی لۆ ئەو ئیتیجاهەی هەیە؟ عەکسی ئیتیجاهی ساعە سەعات، نازانی ئا

ئەو حالەتە دەوەرانیە سورانەوەیە تەناغومەك زمانەكی تەوحیدی دروست دەكا بەینی خۆی كە عەبدە لەگەر ئەو مانگەی كە ئەستێرەكە، هەموویان دەسورێن لەبۆ هەدەفەكی موعەییەن ئەویش تەحصیلی بەدەست كەوتنی ڕیضوانی رب العالمين ئەو بە مەنطقی خۆی مانگ دەبی عەبد بی، ئەمەش بە مەنطیقی ئیبتیلاء عەبد بین، طەرەفەین دەسورێین وفقی ئیرادەی رب العالمين.

كذلك ذەررات لە ناو ئەلیكترۆن، ئەلیكترۆن لە ناو گەردیلە كە دەسوڕێ عەینی ئیتیجاهی هەیە، ئیذەن كەون هەمووی لە ناو تەسبیحات دایە، ئەمما نەوعی ئەو تەسبیحاتە مەجهولە لە كنە مە، هەمووی بەو صیفەتەی لە سەجدە و لەعبودیەت دایە بالاجماع.

لەو دەرسەی مەقصەدمان ئەوەیە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كو تانی بووی ئا ئەو زمانە تێبگا؟ وە وفقی ئا ئەو زمانە تەعامول لەگەر كەون بكا؟ لەگەر بیئە بكا؟ لەگەر مانگ، لەگەر حەیوان، لەگەر نەبات پاشان لەگەر ئینسان؟ ئینسانەكەش و بالأخص لەگەر كافر، ماعەدای موئمینین، لێرە كە باری تەعالا ئەو سڕەی دەداتێ، عولەماء ناویان نایە ئەو تەناغومە، ئەو ئیحتیكاكە ئیجابیە، ئەو تەفاهومە لە بەینی پێغەمبەر و بەینی وجود ناویان نایە بە ئیعجاز، كە پێغەمبەرمان صلى الله عليه و سلم بە جامیع مەجموعەكی زۆر ژمارەكی زۆر لە ئیعجازی هەبووە وەكو ئەنبیائەكان و ڕوسولەكانی پێشتر.

مەثەلەن حەزرەتی موسی كەینێ كە تەنگاو بووبی وەكو باری تەعالا ئەمری پێ دەكا دەستی لە گیرفانی دەربینی، دەستی وەكو بلاجكتور سپی دەبوو ئایەتەك بوو، عیلمەن ئا ئەو دەستە گۆشت و ئێسك و خین بوو، ئەمما كە ئەوها ڕۆشن دەبوو ئیعجازەك بوو، ئایەتەك بوو لەبۆ ئەو ئینسانانەی كە ئیعتیراف بە مەعنای ڕیسالەت ناكا، یا عەصایەكەی دارەكەی، گۆچانەكەی كە لە دەستی بوو دەیهاویشت دەبووە ئەژدیهایەك، دیارە لوغەتی حەزرەتی موسی لەگەر لوغەتی بیئەكەی موطابیق بووە، چونكی كە حەیاتی حەزرەتی موسی لە قورئان ئیستیقطاب دەكەی، تەجمیعی دەكەی، تەماشا دەكەی دەوری سیحر و تەئثیر لە سەر چاوی بەشەر و تەئثیر لەسەر عەقلی بەشەر بە ئیستیدراج زۆر بووە لە زەمەنی وی، لۆیێ باری تەعالا دەبی لوغەكی تەناغومی بداتێ موسەیطرتر بی لەسەر ئا ئەو بیئەیەی كە تێیدا ئیسپاتی ئەحەقییەتی حەق دەكا، ئیسپاتی ئەوەی دەكا كە ئەو بەرنامەجەی ئەو هینایتی ئی خوایە، وە هەر ئەو خوایە دەتانی مادییەن وە مەعنەویەن سەیطەرە لەسەر ئیفك و تەلەكەكانی وی بكا، حیلەكانی وان ئەویش بە ئیژدیها بوون، یا بە دەست دەرهینانی دەستی خۆی حەزرەتی موسی لە گیرفانی كە سپی دەبوو، ڕووناك دەبوو.

ئی پێغەمبەری مە صلى الله عليه وسلم لەوەی عەمیقترە، نەك بەس هەر ئەوەندە حەزرەتی موسی لەگەر مەجموعەك، فیئەك لە نەوعەكی موعەییەن كە ئینسانن تەئثیر لەسەر چاوی بەشەر دەكا، ئەو

پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەو نەوعە و لەوەش زیاتر، پێغەمبەرەکیتکە وەرگرە کە باری تەعالا لە قورئان دەفەرمی: (وألنا له الحديد) (سبأ١٠) پێغەمبەرەك هەبوو داود علیە السلام دەستی لە ئاسن بدابا ئاسنی ڕەق و هیشك و مەتین نەرم دەبوو لە دەستی، پێغەمبەری مە ئەوەشی پێدرابوو لەوەش زیاتر.

ئەوجە لە قورئان دەچیە سەر شەخصیەتی کیهان پێغەمبەر و ئەو ئیعجازەی کە کیهان پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم پێیدرابی بە هەدیە لە باری تەعالاوە لەبۆ ئیقامەی حوججە لە سەر بەشەر بەشەری ئەو زەمان پێغەمبەری مە زیاتری پێدرایە، سەبەب چییە؟ لەبەر ئەوەی پێغەمبەری مە صلی الله علیە وسلم تەمثیلی ڕەحمەتی نیهائی دەکا(خاتم الأنبياء)ە، یەعنی دەبی هەرچی مواصفاتەکی ئییجابی چاکە درابیتە هەر پێغەمبەرەك بدرێتە وی، لۆ یەك ئوممەش نییە لەبۆ هەموو ئومەمە لە خۆیەوە دەست پێ دەکا هەتا ئەخیر ئینسان لەسەر ئەو وجودەی.

موحتەمەلە لەو نەمەط و لەو نەوعیاتانەی کە ئەنبیاء و ڕوسولی سابیق هەبووبن، ئومەمەکانیان چ نەوعە مواصەفاتیان هەبی، ئیحتیمالی هەیە ئوممەی (محمد)یش لە زەمانی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم یان پاشی پێغەمبەر شەخصیات و ئەنواعی وەها وجود ببی لەسەر ئەرز لەسەر عارد، ئیدی دەبی پێغەمبەر ئیقامەی حوججە لەسەر ئا ئەو نەوعانەش بکا.

مەثەلەن فیئەی یەهود نەفسی طەبەقە و شەریحەی زەمانی حەزرەتی موسایە مایە، فیئەی مەسیحیین نەفسی طەبەقە و شەریحەی زەمانی حەزرەتی عیسایە مایە، صابئیین ئی حەزرەتی داودە مایە، ئا ئەوانە کە ئێستا مابن زەمانی پێغەمبەریش هەر مەوجود بووبن، دەبی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم وفقی عەقل و مەنطیقی وان ئیقامەی حوججە لەسەر عەقلیان بکا، لۆوەی ئا ئەو مەجموعە کە مانەش کە دەمینێن لەسەر وجود هەتا ڕۆژی قیامەت حوججەیان لەسەر باری تەعالا نەمینێ، باری تەعالا ئیقامەی حوججەی لەسەریان کردبی وفقی مەنطقی خۆیان، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم نەك لە ئەثنای تەحەددی، لە حالەتەکی تەحەددی لەگە قوڕەیش، یان مەجموعەی کەفەرەی یەهود ئیعجازی پیشان دابی، نەخێر، حالەتەك بووە لە داخیلی شەخصیەتی پێغەمبەردا هەبووە، هەتا فەوتی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئیلتیقائی لەگە باری تەعالا ئەو حالەتەی تێدا موستەمیر بوو، وەکو حەزرەتی موسا نەبوو مەثەلەن عند الحاجة دارەکەی فڕەدا و ببتە ئەژدیها، کە ئیحتیاجی پێ نەبی دارەکە دارە طەبیعیە.

یان وەکو حەزرەتی عیسا کەینێ بیەوێ، حاجە بیەوێ، واقیعەکە بیەوێ، موقابیل بیەوێ قەناعەت بینی نەخۆشەك چاك بکا، مردیەك زیندی بکا ئەمما حاجە نەبی حەزرەتی عیسا ئینسانەکی طەبیعی و عادیە، پێغەمبەرمان صلی الله علیە وسلم ئەو حالەتە تێیدا داخیل بووە، خیلقی بووە، هەتا وجودی

هەبوو لەسەر ئەرز ئەو حالەتە لەگەری ماشی بوو، یەك لە وانە ئەوەتا لەو شتەی ئەخیری مسلم بەحس دەکا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمی: لە ناو مەجموعە صەحابە لەناو نوێژ ڕاوەستا بوون فەرمووی: (فإنی أراکم أمامی ومن خلفی) رواە مسلم ئەوە حالەتەکی دائیم بوو لە پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم.

عیلمەن لەگەر صەحابی مەوجود بوو لەگەر کافر نەبوو، لەگەر مەجموعەك صەحابی بوو ئەمن لە پشتەوەش دەتانبینم کو لە پێشەوە دەتانبینم، یەعنی حالەتەکە صەحابی ئیحتیاجیان بەوەی نەبووە، ئەوە حالەتەکی ڕیسالی بووە لە ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، یان سێ چار جار لە سیرە مەوجودە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئاو لە بەینی پەنجە موبارەکەکانی دەرچووە لە غەزوەی خەندەق، لە حودەیبیە، لە سەفەر، لە ئەثنای وجودی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر مەجموعە صەحابەکی لە جێیەکی موعەیەن چەند جارەك ئەوە ئیعادە بویتەوە، عیلمەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر مەجموعەی کافر نەبوو، ئەوانەی مەوجود بوون هەموو صەحابە بوون، هەموو موئمین بوون پێی.

ئیذەن حالەتەکی طەبیعی بووە لە ذاتی پێغەمبەر، ئەو طەبیعەتەش لە بیدایەت لە فکرتان نەچی لوغەی ئەو حەیاتە، ئەو کەونە وەکو کلیلەك درابیتە دەست پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم بتانی تەعامولی لەگەر بکا، چونکە ئەو کەونە هەمووی لەسەر قانون دروست کرایە، قاعیدەی خۆی هەیە، میزانی خۆی هەیە، باری تەعالا ئا ئەو صیغەی تەعامولی ئەو میزان و سوننە و قانونەی دایتە دەست پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەو دەزانی کو تەعامول دەکا لەگەر ئەو قانون و میفتاحە و کلیلەی، حالەتەکی خاص بوو بە ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم.

جا ئەورۆ بەعزە لەقەطات لەگەر کەفەرەش، لەگەر غەیری کەفەرەش، لەگەر موئمینین لە ئیعجازاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەحس دەکەین، یەك لەوانە شەق کردنی مانگ بە تەئشیری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، لە قورئان ئایەتە و مەوجودە (وانشق القمر) (القمر١)، ئەویش لە صەحیحی موسلیم مەذکورە حەدیثەکە صەحیحە، لە موفەسیرینیش هەموو موفەسیرەکان بەحسی ئەو حالەتەی دەکەن بەبێ ئینکار، کە کەفەرە گەیشتنە حالەتەکی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم باوێنە ئەو دائیرەیەی شتەکی زۆر عەظیم دەعوا بکەن کە هیچ پێغەمبەرەك، هیچ ڕەسولەك پێی نەکرابی، ئەویش هینانە خوارێی مانگ، وە دوو پارچە بوونی، وە هەرپارچەك چوونی بە سەر چیایەکی دیتنیان بە هەردوو چاویان هەموو بالاجماع مەوجودین لەوێ.

پاشان دیسان مانگ وێك بێتەوە، بەسەر کەوی بچتە مەداری خۆی لە جێی خۆیبی، حەتمەن موحتەمەلە ئەمەی گەنج ئەنواع و ئەشکال ئیستیفسارات لە مێشکمان دروست ببی، باشە

موغناطیسیەتی مانگ ئەمە خۆمان دەزانین لە جوغرافیەتی مانگ، مانگ یەك مەتر بێتە پێش ئەو مەد و جەزرەی کە لەسەر بەحر کە لە ناو بەحر دروست دەبی فەیەضان و طۆفان دروست دەکا لە سەر کورەی ئەرز، ئەمما دیارە ئەوەی ئەو کلیلەی دایتە دەست ئا ئەو خۆشەویستە صلی الله علیه وسلم خۆی دەزانی وەکو کۆمپیوتەر کەینێ بەکاری دەینی و بە چ ئسلوبەکی بەکاری دەینی، وە ئەوەی ئەو قابلیەتە و موغناطیسیەتە دابیتە جازبیەتەی دابیتە مانگ دەشتانی لە چ وەقتەکی بیەوێ ئەو خۆشەویستە لێی سەحب کا، وەکو بەردەکی طەبیعی تەعامولی لەگە بکا ئەو خۆشەویستە صلی الله علیه وسلم.

یا ئیسراء و میعراجی ئەویش ئایەتی لەسەر هەیە (سبحان الذي أسرى) (الإسراء١) پێشی چەند ڕۆژەك موناسەبەی ئیسرا و میعراج بوو، ئەو ئینسانە بە جیهازی خاص لە مەککە نەقل بکرێ لەبۆ بیت الأقصى، لەوێ لەگەر ئەنبیاء موئتەمەر بکا، ئیلتیقا بکا لەگەر هەموو ئەنبیاء و ڕوسول وەکو بەحسمان کرد، هەریەکە ڕاپۆرتی خۆی تەقدیم بکا ئەویش لە مستەوای ڕیسالەتی نیهائی، وەکو دەلێم لە مستەوای ئیرادەی رەببانی کە ئەو ئیرادەیە دەبی پاشی خۆی بەو ئیرادەیە باری تەعالا ڕازی بوون دەربڕی لە بەشەر، هەتا ئەخیر ئینسان لەسەر ئەو وجودەی مابی وفقی ئەو ئیرادەیەی ئیستیجماعی ئەو ئیرادەیەی لە ئەنبیاء هەر یەکە و وفقی ئیختیصاصی خۆی.

حەزرەتی عیسا ئیختیصاصەکی هەبووە ڕاپۆرتی خۆی تەقدیم کردیە، حەزرەتی موسا ئیختیصاصەکی هەبووە تەقریری خۆی تەقدیم کردیە، نوح ئیختیصاصەکی هەبووە تەقریری خۆی تەقدیم کردیە، ئەوە هەمووان تەجمیع دەکا، لەبن هەنگری خۆی دادەنێ، وفقی ئا ئەو مەعلوماتانە دێ لەگەر بەشەریەت، لەگەر قورەییش، لەگەر (محمد)ەکی وەکی منیش تەعامول دەکا، چونکی ڕیسالەی هەتا ئەخیر ئینسانە لەسەر وجود وەکو بەحسمان کرد.

ئەو ئیسرا و میعراجە بێی بە قانونی موختەبەری فیزیا و کیمیای مە دەرناچی، ئەمما دیارە دیسان ئا ئەو سویجە و کلیلەی کە باری تەعالا دایتیێ دەتانی کو تەعامول بکا لەگەر ئائەو تەناغومە، ئا ئەو لوغەتە، هەر ئەویش ئەو کلیلەی دایتێ ئەو تەناغومە و ئەو ئیندیماجەی دایتێ، هەر ئەویش کردیتی بە ساحێبی ئەو ڕیسالەتە، لە ئەثنای سەفەری کەلیمەکمان بەکارهینا ئیخراجی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە مەککە لەبۆ مەدینە بەینە قەوسەینە ئەوە، وەختی خۆی بەحسمان کرد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موهاجیر نەبووە هیجرەتی نەکردییە، ئیننەما ئیخراجە، ئی هیجرەت ئیرادەی تێدایە ئەو ئەمری پێکرایە المهم.

لەو ئەثنایەی کە دەردەچی پێش ئەوەی بگاتە مەدینە بە زەمەنەکی کەم چەند کیلۆمەترەك، سوراقە خۆی بەحس دەکا لە بوخاری و موسلیم حەدیثەکە مەوجودە، چونکی ئەمر کرابوو موجرمینی

قورەیش ئەوەی من يأتي بمحمد حيا او ميتا فله مئة ناقة، ئەوەی محمد بینی بە مردیاتی یان بە زندیاتی سەد سوپەری ئەورۆی هەیە، لە مئة ناقة، سەد حوشتر، طەبعەن ئەوە نەشر بوو لە ناو هەموو جەزیرەی عەرەبی خەرکەکی زۆر ئەگەر هەموو گێیان لێ نەبووبی خەرکەکی زۆر گێی لێ بوو، خاصەتەن قطاع طرق و ئەوانەی کە زوو دەیانەوێ دەورەمەند بن، ئەوانە هەرزوو خەبەرەکەیان لەقف کرد، یەك لەوانە ناوی سوڕاقەیە.

ئەوە پیاو کوژ بوو چەتە بوو، گێشی لێ ببوو ئەو سەد سوپەرە هەیە لە گۆڕێ، فە لە ناو قەومی خۆی دانیشتییە المهم، پێیدەرێن خەبەری دەدەنێ، کە سێ تارمایمان دیت لە نزیك ئاو دەرۆیشتن، دیارە محمد و دوو ڕەفیقەکەیتی، ئەبوبەکر و مورافیقیان ئیبعاد دەکا عالەمەکەی مەشغول دەکا، دەرێ نا ئەوە فلان و فلانە لۆوەی سەد سوپەرەکە لۆ خۆی بی.

المهم بە دوو پێغەمبەری دەکەوی صلى الله عليه وسلم خۆی و حەیوانی، لە سێ جێیان دەستی حەیوانی ئەوها لە ناو لمی دەچەقی، عیلمەن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کأنە بە مەوزوع نازانی، ئەبوبەکر بە مەوزوع نازانی ئەمما ئەو موتابەعەیان دەکا، هەر لە دوور پێشی ئەوەی بیانگاتێ بە چەند کیلۆ مەترەك دەستی حەیوانەکەی دەچەقی هەر دەستی و دەکەوتە عاردی طەبعەن، هەر دەستی و برندی دەکا دیسان سواری دەبی دیسان هەتا دەگاتە ئەو حەددەی دەگاتە قەناعەت، فیعلەن ناگاتە خزمەت پێغەمبەری ئیللا بە ئیزنی وی نەبی، هەتا ئائەو وەرەقەی سپی پیشان نەدا ناگاتە خزمەت پێغەمبەری، هاوار دەکا یا محمد هاتیمە دەمەوێ بێمە خزمەتت بەس ئیزنم بدە، کأنە کو نەوعە موغناطیسیەتەك هەبی نەوعە ئەجهیزە هەیە موغناطیسیەتی هەیە یان لەبۆ جەزب یان لەبۆ دەفع.

ئەو کابرایە ئەوها دەفع کرایە خۆی و حەیوانی، هەتتا ئیزن لە شەخصی پێغەمبەر وەرنەگری صلى الله عليه وسلم، ئەوجە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەر ئاوڕنادا بە ئەبوبەکر دەرێ بابێ بزانین چی دەوێ؟ ئەوجە سەبر سەبر نزیك دەبی موغناطیسیەتەکە لەبۆی خەرق دەکرێ وەکو دەرکەك بێتە ژورێ بتانی بێ فیعلەن دێ، چت دەوێ؟ دەرێ والله موئمینم هیچم ناوێ بەس ئەوڕۆ ئەمن هاتم لەبۆ کوشتنی توو وازم هینا موقابیلی وەرەقەکم دێ، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەمر دەکا بە ئەبوبەکر شتەکی لۆ بنووسە شتەکی لەبۆ دەنووسی، لە ئەثنای فەتحی مەککە قەرەبارغ بوو دەورووبەری پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، بەهەر حارەکی بی خۆی دەگەینتە پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم وەرەقەکەی خۆی دەردەینی، دەرێ یا رسول الله وەختی خۆی ئەوها، ئەها هاتبووم بتکوژم ئەمما نەمکوشتی، نەتم کوشت، زەرەرم لێت نەدا، موقابیلی وی دەبی شتەکم بدەیێ، ئەویش فەرمووی چی دەوێ بیدەنێ مەجموعە شتەکی ویست طەبعەن موسڵمان بوو، موئمین بوو ئەو وەختی.

وقس على ذلك زۆر شت هەیە لە حەیاتی، یەعنی ماعەدای کوفر، ئەوە کەفەرە، لەگەڵ موئمینین یان لەگەڵ مادده، مەثەلەن دیسان لە بوخاری مەوجودە زەینەب کچی حاریثە یەهودیە بوو، دائیمەن یەهودیش مەعروفن بە عەقل، ذەکائی خاریق لە هەموو جیلەك، لە هەموو زەمانەك ئەوها بوونە وەکو ئێستا، ئەها ئێستا کورەی ئەرز لەبن دەستیانە، ئیقتیصادی عالەم هەموو لە بن دەستیانە، تەخطیطی عالەم هەموو لەبن دەستیانە، سیاسەی عالەم هەموو لەبن دەستیانە، ئەو وەختیش هەر ئەوها بوونە تەماشای عەقلی ئەو ئافرەتەی ئەسیرەیە، ئەسیرەیە، گیرایە دەپرسی دەڵێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم گۆشت دەخوا؟ لە خێزانەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەپرسی، دەڵێن ئا، دەڵێ حەزی لە چ نەوعە گۆشتەکییە؟ دەڵێن فلان نەوع، حەزی لە چ جێیەکی ئەو گۆشتەیە؟ دەڵێن قۆڵ، کەتیف، دەچی گۆشتی دەکڕی لەو نەوعە گۆشتەی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی خۆشە وە ئەو جێیەش بالذات، هەمووی تەسمیم دەکا ئائەو نەوعە سەممە کە ئینسان بەس لەمس بکا پێی بفەوتێ.

ئەوجە بە هەدیە لەبۆ پێغەمبەری دەینی صلی الله علیه وسلم دایدەنێ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەڵ مەجموعە صەحابەی لە دەوری بوینە، خۆی و صەحابیەك دێنە پێش بخۆن بەڕاء ئەو صەحابیە بوو کە لەگەڕی، هۆردووك لوقمەیان پێکەوە لێدا دیارە بەڕاء زۆری برسی بووە لوقمەکەی هەردەگری و گۆشتەکە داوێتە ناو دەوی و دەیجوی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمی: قیف کە دەڵێ قیف ئەو تەقریبەن برێین ئەوەکانی لکاوی هاتتە خوارێ، دەڵێ فرێیدە، فرێیدەدا ئەمما بەڕاء یەکسەر دەکەوی لەوێ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم جارێ لوقمەی لێنەدایە لە دەوی نەینایە دەڵێ ئا ئەو ئێسکە پێم دەڵێ مەسمومم، ئەو ئێسکە، عەظمەکە پێم دەڵێ ئەمن مەسمومم ئاگات لێ بی یا رسول الله.

ئیذەن لوغەتی وجود، لوغەتی مادده، لوغەتی جەمادی زانییە، ئەو ئێسکە عەبدە ئەو ئێسکە ئیرادەکی کەونی ئەدا دەکا کە عەبدە، دەبی ئەو عەبدە یەکەمە کە موحەمەدە صلی الله علیه وسلم نەوعە ئیرتیباطەکی نەوعی لەگەڵ ئەو عەبدەی هەبی وفقی ئیجابیات، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەو عەبدەی دەگا چونکی لە سەقفی ئەعلای ئیرادەی خوایە ئا ئەو تەناغومەی دراپتێ، یەکسەر ئەوەکەی داناوە و فەرمووی بینن ئەوە کێ ساحێبی وەیە؟ ئافرەتەکەیان هینا گوتی لۆوەت کرد؟ گوتی واللە لەبەر دوو سەبەب ئەگەر پێغەمبەر بای ئەوها کەشفت دەکرد، ئەگەر پێغەمبەریش نەبای لە کۆرمان دەبووی و خۆی قورتار کرد بەو حارەی.

یا لەگەڵ نەبات، لەگەڵ حەیوان لەگەڵ جەماد ڕا دەوەستا، دەرسی پێشتر بەحسمان کرد عیلاقەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلمله لەگەڵ جەماد دەیفەرموو: (إن هذا الجبل) دەستی لە بۆ ئوحود درێژ

دەكرد دەیفەرموو: (إن هذا الجبل یحبنا نحبه)، یەعنی عیلاقەكی ئیجابی بەننا لە بەینی خۆی و بەینی چیای، بەینی خۆی و بەینی وجود، رۆژەك لە سەر عەینی چیای راوەستابوو خۆی و ئەبوبەكر و عوثمان و عەلی، چیایەكە دەلەرزی ئەویش یەك دوو جار بە سەبری بە ئاسپایی لاقی لە چیایەكەی دەدا دەرێ راوەستە ئەدی نازانی پێغەمبەرەك و صدیقەك و دوو شەهید لە سەر شانتن، چیایەكە بە جواب دێ قسان دەكا، حەتمەن ئەگەر قسەشی نەكردبا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، چونكی ئەو سڕەی درایتێ تێیدەگەیشت، ئەمما قسان دەكا لۆووەی ئەبو بەكر و عوكمەر و عوثمان تێبگەن.

ئێستا ئەو دیوارانە بە قەناعتی من دوعامان لۆ دەكەن، ئەمما ئەمە تێیان ناگەین چونكی ئائەو لوغەیە لە كنە مە مەفقودە، ئەمما ئەگەر بهاتبا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئێستا لە خزمەتی باین لێرە دەیگۆ ئا ئەوانە دوعاتان لۆ دەكەن، ئەو دیوارانە دوعاتان لۆ دەكەن، ئەمما ئەو قووەتەی هەیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئا ئەوەی بە زمان بینی، ئا ئەو كلیلەكە لەوەی دایە.

یان وەبووە بەرد بەردی لە دەست بووە بەردەكە تەسبیحاتی كردییە، ئەبوبەكر دیقەتی دایتێ تەسبیحات دەكا بە زمانی مە بە لوغەی عەرەبی، دەرێ سبحان الله، بەرد بەردی هیشك، پێش گۆتنی سبحان الله پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تێیدەگا ئەوە تەسبێحات دەكا، ئەمما پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو قووەتەی هەیە ئەوەی بینتە ئەو حالەتەی بە زمانی مە كوردی عەرەبی بەو زمانەی كە دەیەوێ بە زمانی بینی، ئا ئەوەیە مەقسەدم لە تەناغومەكەی، لەو سویچ و لەو كلیلەی كە درابوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، كە ئەبو بەكر دیتی لە دەستیتی تەسبیحات دەكا دایە دەست ئەبو بەكر، لە ئەبو بەكری وابی بەس لە دەستی پێغەمبەری تەسبیحات دەكا، ئەوە تەواو تەسبێحاتی كردو دوایێ تەسلیمی پێغەمبەری كردەوە صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەر وەری گرت ئیمامی عومەر دانیشتیە دایە دەست ئیمامی عومەریش، لە دەستەویش تەسبێحاتی دەكرد بەرد بەردی هیشك.

تەصەوركەن بیننە پێش چاوی خۆتان ئا ئەو ئینسانە كو بووە؟ چ نەوعە عیلاقەكی لە گەر باری تەعالا بووە؟ عیلاقەكە عەمودی صەمیمی دائیمی، كە پێی بفەرموی بەو بەردەی كوی دەوێ ئەوهابە، ئەتو ئەو ئینسانە كوی دەوێ ئەوهابە، ئەتو ئەتو تەسبێحات دەكەی ئەی بەرد وفقی زمانی خۆت ئەمما ئەو دەیەوێ بە عەرەبی تەسبێحات بكەی بە عەرەبی تەسبێحات بكە، ئەگەر ئەو بە توی گۆ تەسبێحات بكە تەسبێحات بكە ئێزن لە من وەرمەگرە، ئا ئەوە كلیلەكەیە، لە دەستی ئیمامی عومەریش وەری گرتەوە، ئیمامی عوثمانیش دانیشتیە موڵاحەضەی كرد ئەویش حەز دەكا دایە دەستەویش، لە دەستی ویش تەسبێحاتی كرد، ئەوجا دایە دەست پێغەمبەر دایناو سكوت بوو.

حنین جذع: لە مزگەفتی موبارەكی خۆی بە داركرابوو سەقیفەی بە قەدی خورما كرابوو، دار، قەدەكیان لۆ دانابوو لە سەری رادوەستا، قەدەكیشیان لۆ دانابوو پشتی موبارەكی پێدەدا، عومری

موبارەکی گەورە بوو صەحابیەك هات گۆتی یا رسول الله با مینبەرەکت لۆ بکەین، مینبەری پێغەمبەر سێ مودەرەج بوو، یەك دەرەج دوو دەرەج سێ دەرەج، لە سەر یەکەم بەسەر دەکەت لە سەر سێیەم دادەنیشت لاقی لە ئی دووەمی دادەنا، ئەگەر صحەتی تەواو نەبایە، یان لە ئی دووەم بە پێوە رادەوەستا، نەوعە تەفاهومەکی ئیجابی بەینی خۆی و بەینی ئا ئەو قەدە دارە خورمایە دروست کرابوو کە ئەو کورسییە هات، ئەو دەرەجاتانە هات، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم چووە سەرەوی ئەوە دەستی بە ناڵە ناڵ کرد، ئەو قەدە دارە دەستی بەناڵە ناڵ کرد ئەو مەجموعە صەحابەی کە لە صەفی یەکەمی مزگەفت دانیشتبوون هەموو گێیان دایێ، وەیان لێ هات بەینی ناڵە ناڵی وی بەینی گریانی ئەو دارەی لەگە صەوتی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم تێکەر دەبوو، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەبەر صەوتی وی تەئثیر لە صەحابە نەکا هاتە خوارێ، دەستی موبارەکی لەسەر سەری دانا، بەسەر دارەکەی داهینا و برد هەتا سکوت بوو، عیلاقەی ئیجابی بەو نەوعەی بوو لە بەینی خۆی و بەینی ئا ئەو نەباتە، چەند جارەك ئەوە ئیعادە بویتەوە نەك جارەك و دوو جار، صەحابی ئەو حالەتەیان لێ دەدیت لۆیێ ئیلتیصاقیان بە پێغەمبەر، تەمەسوکیان بە پێغەمبەر، تەماسیان لەگە پێغەمبەر حەقیقی بوو وەکی مە نەبوو.

مەثەلەن ئەمە ئێستا چەند یەعنی ئەقصا شت تەعبیر لە ناوە خۆمان کە تەعبیر بکەین ئەمە پێغەمبەرمان خۆش دەوێ، موحتەمەلە بتانین نیسبەی لەبۆ دابنێیین نیسەبی میئەوی، ئەمما ئەو پێغەمبەرە ئەوها چوبەو مەنهەجە موتەکامیلە کە موستەمیعی موستەمیر لە ئیستیعداد دابوون بە غالی و بە نەفس تەضحیە بدەن، جارێ نوقطەی ڕەئیسی لە کنەوان هەرچی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەمری بکردبا موباشیر و بووە ناو قولوبی ئەو صەحابانە بەو حالەتانە، تەطبیقیان دەکرد، هەرچی نەهی لێ کردبا ڕادەوەستان ئەو ئیلتیزامەیان بە مەنهەجی هەبوو.

ئەمما ئەمە نەء وەنینە، مەثەلەن زۆر جار پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرمویتی مامۆستاش موعاناتی هەیە دیارە، مامۆستا عبد الکریم فەرمویتی ئەگەر هاتوو ئەنگۆ لە نوێژێ ڕاوەستان لاقتان لە لاقی یەك جەمع کەن فەراغ نەمینێ، ڕیوایەت هەیە دەرێ صەحابی عمر فەرمویتی هاوینان لاقمان ئارەقەی دەکرد ئەوەندە موتەڵاصیقی یەك بوو ڕانەکانمان ئارەقەی دەکرد، ئەمە ئەوەمان گێ لێ دەبێ ئەمما صیغەی تەعامولی من لەگەر ئەو حەدیثەی وەکو کأنە بکەم باشە نەشکەم موشکیلە نییە، عیلمەن ئەو ئەبوبەکر ئەوهای دەدیت ئەگەر بێتوو ئەوەی تەطبیق بکا رضوان الله لەوەی تەحصیل دەکا، ئەمما ئەگەر تەطبیقی نەکرد غضب الله لەوەی تەحصیل دەکا.

نەوعە مەفهومەك هەیە تەطبیقی سوننە ئیلتیزام بە ئەمری پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، پێشی دوو دەرسان تەعریفی قورئان و سوننەمان کرد گوتمان ضرورییە ئەو زەمانە بەو نەوعەی تەعبیر

بكرێ، قورئان وە سوننەی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لە ناو کوتوب، لە ناو مەکتەبات ئی خاص و عام هەمووی نەظەرییە، هەمووی ئەوانە نەظەرینە، حەیاتی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم ئەوەی لۆ تەحویل کردییە لەبۆ عەمەل.
ئیذەن حەیاتی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم قورئانەکەیە، نەك حەیاتی پێغەمبەری بە نیسبەت بەس سیواکەکەیە، ڕدێنەکەیە، دیشداشە لەبەر کردنەکەیە، ئەوانە نییە، حەیاتی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم قورئانەکەیە ئەمما عەمەلی واقیعی لە باری تەعالای وەرگرتییە تەحویلی کردیە ئەو، نەفسی شت نەزەرمان لەبۆ سوننەش وەحییە، یەعنی ئەگەر هاتوو سوننەتمان نەکرد خۆمان تەحضیر کەین لەبۆ موحاسەبەی باری تەعالا، وە ئەگەر بەو ئیستیجماعەش نەبی، بە حەیاتی پێغەمبەری قورئانی وە بە حەیاتی پێغەمبەری سوننەتی تەجمیع نەکرێ لەسەری خۆمان ئیدامە و تەکوین و تەنشیئە نەکەین، موحتەمەلە نەخۆمان بتانیین جوابی موتەکامیلی باری تەعالا بدەین ڕۆژی قیامەت، نەبینە ئەداتەکی فەعال و صەحیح لەبۆ صەحوەی ئیسلامی لەو وەسەطەی کە تێیدا دەژین، لۆیێ تەماشاکە یەك لەو نوقطە ضوعفانەی کەئەمە تێماندا هەیە، موحتەمەلە ئەمن نەفەرەك بم ئەمما دوو ڕەئیم هەبی نەك ساحێبی ڕەئیەك بم، دوو ئیجتیهادم هەبی نەك ساحێبی ئیجتیهادەك بم، ئەمن خۆم لە جیاتی پێغەمبەر دادەنێم والعیاذ بالله زۆر جار، عمر من الناس دەچێتە جێی پێغەمبەری دەبتە موفتی، دەبتە مومەثیل بەینی خوا و بەینی بەشەر.
عیلمەن ئەوە هەمووی مەرفوضە قاطیبەتەن، دەبی ئائەوەی فیعلەن خۆی بە موسڵمان دەزانی مولتەزیم بی بە سەتا سەتی ئەدائی ڕیسالی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هینایتی، ئا ئەوە بوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم صەحابەکانی لەسەر بینا کرد، ئەگەر بهاتبا باری تەعالا بیزانیبا ضەرورەتی بەقائی ئەو پێغەمبەرەی لەحەیات و لەوجود لەو ئەهەمیەتەی دایە، حەتمەن ئیختیاری نەدەکرد لەبۆ داری ئاخیرەت، ئەمما دیارە ئا ئەو ئیعجازانەش لە ناو ضمنی ڕیسالەی دایە، کو ئەمە مونفەعیلین بە (اقم الصلاة) نوێژەکەی ئەدا دەکەین، ئا ئەوهاش دەبی مونفەعیل بین بە حەیاتی ئیعجازی ئەو پێغەمبەرەی، وەکو دینەمۆیەك لە ژیانی خۆمان ئیستیعمالی کەین و تەفکیر و تەدەببوری لێ بکەین، لۆوەی فیعلەن ببتە موعینەك دەفعمان بکا نحو رضوان الله.
طەبعەن ئیعجازاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لا تعد ولا تحصی، هەر زۆر زۆر بووە چونکی لە طەبیعەتی دابووە ئەو حالەتە، وەکو بەحسمان کرد وەکو حەزرەتی موسا نییە، وەکو حەزرەتی عیسا نییە، وەکو داود نییە علیه السلام، وەکو نوح نییە نەء، هەر طەبیعەتی بەو نەوعەی بووە، خیلقەتی بەو نەوعەی بووە ئیعجاز بووە، وجودی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەسەر وجود ئیعجازە، ڕیسالەکەی ئیعجازە، وە ئەو ئیعجازەش دەمینێ لەو ڕیسالەتە هەتا ئەخیر بەشەر، وە هەموو

زەمانەکیش باری تەعالا تەحەددا دەکا بە واسطەی ئا ئەو ئیعجازەی کە ناردبوی قیمەی ئیعجازاتی حەیاتی پێغەمبەرە ئەویش قورئانەکەیە.

تەمەننا دەکەم لە باری تەعالا وەکو ئەو صەحابیانەمان لێبکا، وفقی تەعامولی صەحابی تەعامول لەگەڵ پێغەمبەر بکەین صلی الله علیه وسلم، وەکو ئەو صەحابانە ئیحتیڕامی پێغەمبەر بگرین، وەکو ئەو صەحابانە مولتەزیم بین بە موقەڕەڕاتی ئەو ڕەسولە عەظیمە بەشکو باری تەعالا لێمان ڕازی دەبی و بەس، هەر ئەوەمان دەوێ بەس خوا لێمان ڕازی ببی و بەس ئەوانیتکە هەمووی ثانەوییە و لە ضەمنی وەیە، بەخوای هەموو کەون موسڵمان کەین، هەموو کەون بە تەمکین، بە نەصر بینین ئەمما رضوان الله تێیدا نەبی هەمووی فی سفره، هەمووی (حبطت أعمالنا) ئەمما ئەگەر ئەو ریضوانی وی تەحصیل کەین، با هەموو کەون، هەموو وجود وفقی ئیرادەی خۆی بی، ئەمما بیطاقەمان لە کنە وی سپییە، ڕۆژی قیامەتیش هەر بە سپیاتی ان شاءالله ئیستیقبالمان دەکا و موقابەلەی دەکەین.

أقول قولي هذا و أستغفر الله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين و الحمد لله رب العالمين.

تەعلیق، تەوضیح، نەقد؟ خودا ئەجرتان بنووسی سوئالی ئەو برایەمان ئەوەیە دەڵێ: باری تەعالا لە قورئان دەفەرمی: کافر ئیمان نāینن ئەگەر بێت و چ ئایەتەکیش باری تەعالا لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەسخیر بکا هەر ئیمان نāینن، باشە ئەدی لۆ لەبۆ وانە پێغەمبەر صلی الله وعلیه سلم مانگی شەق کرد؟

لە جەواب: لە تەصەوڕی مە زۆر جار کوفر بە یەك جەمع تێدەگەین، بەیەك مەجموعە، نەفسی عەقل، نەفسی مەفاهیم، نەفسی طەبیعەت، نەفسی حالەت، عیلمەن لە واقیعی کوفر ئەوها نەبووە، مەثەلەن کافر هەبووە هیچ بە ناخۆشی ئیستیقبالی پێغەمبەری نەکردییە صلی الله علیه وسلم، کافریش بووە لە قورەیش زەعیمیشیان بووە، ئەمما کافریش هەبووە وەکی یەکەکی ئەبولەهبی موجریم، هیچ جارەك پێغەمبەری بە خۆشی ئیستیقبال نەکردییە صلی الله علیه وسلم، تەعامولی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لەگەر وەی موختەلیف بووە لە گەر وی، واضحە برام؟ ئا ئەوە دەرێ ئەگەر هاتوو فلان ئایەتم پیشان بدەی موئمین دەبم، ئەمما ئەویتکە دەرێ ئەگەر هاتوو هەموو کەون بکەیە ئایەت و طەمغە لەبۆ ئیمان هینانت ئیمانت پێ نāینم، لەبۆ وی باری تەعالا ئیذن دەداتە پێغەمبەر ئەوەی نیشان بدا، ئەمما لەبۆ وەی نەء خۆی ماندی ناکا، ئەمە خۆمان، ئەمە شەبابی صەحوە ئیشکالەکمان هەیە فەهممان لەبۆ واقیعی زەمانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موختەلیفە، لەگە ئەوەی لەناو مێشکماندا مەوجودە، یەعنی وەلید کوری موغیرە دوژمنەکی پێغەمبەری بووە صلی الله علیه وسلم، ئەمما هەر

جارەکی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کەتبتە بەرامبەر وەلیدی مۆڕەیان لەیەك کردبی؟ شانی یەکتریان ئەنجن ئەنجن کردبی، یەقەی یەکتریان گرتبی و ڕایان وەشاندبی، لە سیرە دەرێ نەخێر، بە عەکس کە یەکتریان دیتبیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیحتیڕام و تەقدیری نواندییە ئەمەلی پێی هەبووە، تێدەگەی برام.

ئەوجە تێگەیشتنی ئەو واقیعە زۆر ضڕوڕییە، زۆر جار ئەمە، لۆیێ دەرێم ئەمە بوبینە موجتەهیدین، بوینە عولەماء و فەطاحل، چونکی بە عەقلی خۆمان موقایەسە دەکەین، بە عەقلی خۆمان ئی کەم، عیلمی کەم دەکەینە موازەنات لەبۆ حالی خۆمان لۆیێ توشی خەطەئی گەورە گەورە دەبین، ئەمما ئەگەر هاتوو فیعلەن بچینە ناو عومقی واقیعی وان، ئەوە بکەینە معیارەك، پاشان ئەوجە علوم تەطبیق بکەین، لێرە خەزینەك دەردەچی شکلەکەی مونسەجیم دەبی، دەتانی ئەدای بکەی الی حد ما، تێدەگەی برای من!

یەك لە وانە کوفر ناسین ضڕوڕیە، شەش نەوعە کوفر هەیە بەس لە قورئان، بەس لە قورئان شەش نەوعە کوفر هەیە، دەبی شەش نەوعە دەرمانی جودا هەبی، ئەو کوفرە سەری دێشی، ئەویتکە زگی دێشی، دەرمانی سەر ئێشەی بدەیە زگ ئێشەی دەیفەوتێنی، ڕۆژی قیامەت یەقەت دەگری دەرێ ئەتو وەت لەمن کرد ئەمن نەبمە موسوڵمان، حاڵێتە برام؟.

کوفر ناسین ئەصڵی قەضییەیە، ئەصڵی قەضییە ئەمە دەبی کوفری بناسین، پاشان ئەوجە لەگەر کابرای کافر ئەگەر کافر بی فیعلەن کو تەعامول دەکەی، هەمووی بگرە و بکوتە نییە ئا ئەو مەوضوعە حەسساسە، تەعامول لەگەر ئا ئەو مەعالیمانە ضڕوڕییە ئینسانی موسوڵمان شەبابی صەحوە پێی بی، تووشی ئیحتیکاکی سلبی و تووشی دووحالەت نابی، تووشی ئیزدیواجییەت نابی نە دەتانی ئیرادەی خوای تەطبیق بکا لەسەر عارد، نە لەسەر عاردەکەش مەوجودە موعەلەقە لەو وەسەطەی، زۆریمان ئەوهاینە ئەمە، ضڕوڕییە کوفر بناسین کە مەفهوم وە ضڕوڕییە کافر تەشخیص کەیین عاممەی ئەو فەهمەی.

ئەوجە پاشان دێینە سەر قوڕئان و سوننە بزانین پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر ئا ئەو شخوصانە کو تەعامولی کردییە وفقی ئەوەی تەعامول بکەین، وەکی گۆتم حەبی سەر ئێشەی نەدەینە زگ چوو و زگ ئێشەی دەیفەوتێنین، واضحە برام، با یەکتری لەبیر نەکەین لە دوعا.

وصلی الله علی محمد وعلی آله و صحبه و سلم.